لەگەڵ شاعیرانی دەڤەرەکەدا

شەڕەکانی عەلی بەردەشانی لەگەڵ پیرەژنان

زیاد موحەممەد ئەمین/ رانیە

بە سەرنجدانێك لە شیعرەکانی عەلی بەردەشانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ،کە عەلی لە هێندێك بەیتە شیعرەکانی و شوێنی دیکەشدا زۆر بە خەستی هێرش دەباتە سەر پیرەژنان و شەڕێکی دژواریان لەگەڵدا بەرپا دەکات، دیارە ئەو شەڕانەش شەڕی ئارەزووکارانە نین،چونکە هەر شەڕێك لەو شەڕانە لەگەڵ هەر یەکێم لەو پیرەژنانە،هۆیەکی تایبەتی و جودای لەویدیکە هەیە. وێناچێ عەلی ئەوەندە نەزان بووبێت بەبێ هۆ خۆی خستبێتەبەر هێرش و قسەو قسەڵۆکی پیرەژنەی خاوەن ئەزموون و قەسەزان و سوارچاکی مەیدانی خوێندنەوەی جووڵەی چاوان و مەلەوانی دەرهێنەری نهێتی یەکانی نێو دەریای دڵان .

راستیش نیە ئەگەر بڵێین،تەنیا پیرەژنەیەك کارێکی لە عەلی تێکدابێت وبەو پیرەژنەوە عەلی هەموو پیرەژنەی لەبەر چاوان کەوتبن و چەکی زمانی لە هەموو پیرەژنان وەگەڕ خستبێ و ئەگەر بچووکترین بیانووی بۆ هەڵکەوتبێ بەسەریدا باز نەدابن و بەلایەنی خراپەوە کێچی لێکردبن بە گا،چونکە هۆی هەموو هێرشەکان دیارن.

عەلی پیاوێکی دڵتەڕو ئاشقەژن بووە،سازو سەوداو تێهەڵیەکی زۆری لەگەڵ کیژوکاڵان هەبووە،بۆ چیلکەو دارهێنانێ وە پێشیان کەوتووەو بە چیای ئاسۆسی بەدارو دەوەنی هەڵگێڕاون،لەکاتی پشوودانێقسەی خۆشی بۆ کردوون و گۆنگەڵی بۆ سازداون،باستەی ئارەزوو بزوێنی بۆ گوتوون و،سەرچۆپی شایی رەشبەڵکی بۆ راکێشاون،جارجارەش لەناو گیاو گیابەندو بۆڕو بێژانێ کوێستانێ گەوزو گەوزانی لەگەڵ کردوون .دیارە لە دیتنێ ئەم بەزمو گەمانەشدا پیرەژنەکان گەنجێتی خۆیان وەبیر هاتۆتەوەو بە یادگارەکانیاندا چوونەوە، بەڵام بێجگە لە ئیرەیی بردن و هەڵکێشانی هەناسەی ساردی حەسرەت بەولاوە هیچی دیکەیان بۆ نەماوەتەوە،بۆیە ددانیان لە چیرەوە بردوون و جارجارەش پەلاماری کچۆڵەکانیان داوەو پێیان گوتوون: کچینە دەست بەردەن، درەنگە، وەرن بابڕۆین،با شەومان بەسەردا نەیات.

بۆ ئەوەی بزانین کە عەلی بەردەشانی بۆچی تاکو ئەو راددەلە راددە بەدەرە لەگەڵ پیرەژنان ناکۆك و نەسازو دژ بووە، وا باشە گەشتێك بەناو ئەو چەند شیعرانەیدا بکەین کە بۆ پیرەژنانی گوتوون،هەڵگێڕو وەرگێڕو شەن و کەویان بکەین.

لە شیعری شاییە (دۆڵەبی)یەدا عەلی و خوازێ لە نێو شایی یەدا نیگایان یەکدگیر دەبن وسەر تەندووربانێ ماڵێ خوازێ بۆ جێژوانێ شەوێ دیاری دەکەن. سوارەی برادەرو شاگردی ئیرەیی یەی پێدەبات و هەر سپێدەی زوو وەسەری دەبێت و لەگەڵی دەکاتە هەراو خەڵکیان وەسەر دەگەڕێ و هەر کەسێکیش کەدێ،زار بە جنێوان هەڵدێنێتەوەو دەست بە لێدانی دەکات. پیرەژنەش وەکو خەڵکی دیکە بە چەکی خۆیان،بە تیرۆك و نانبرێژك وچەپۆکان دەکەونە لێدانێ خوازێ و،سەگ و سەگباب کردنێ عەلی.

عەلی هێندەی پەرۆشێ خوازێی بووە کە دیویەتی پیرەژنە بە چەپۆکان لێی دەدەن هێندەی پەرۆشێ خۆی نەبووە،کە حەمە مەرگەیی و مام قادرو،.....، بە کوتەکان سەروگوێلاکیان خوێناوی کردوون و سەرتاپای لەشیان بە تێهەڵدانێ شین و مۆرکردووەتەوە.

دیارە هۆی گۆتنی ئەم شیعرە هەر ئەوەیە،کە پیرەژنان بەبێ ویژدانی لە خوازێیان داوە،بۆیە عەلی بە چەکی زمانی ئەو هێرشە توندەی کردووەتە سەر پیرەژنان و بەرەی لەسەر هەتیوان هەڵداوەتەوەو، کرداری کۆنی خۆیانی وەبیرهێناونەوە:

پیرەژنە کۆنەی دنیایە
خرپبوونەوە لە بێلایە
دەکەن لۆمەی من و یایە

مشتەی دۆمیان بە حەیایە
حیزیە خۆیان وەبیر نایە
**
ئەنگوستێ داکێی بە رێشە
ئەنگوستی وەکو درێشە
لە خوازێی دێنایە پێشە
چەپۆکێکی پێدەکێشا
هیچم هێندە نەدەئێشا
**
پیرەژنەی ئەوی گوندیە
هەمووان کوتەك بە چنگیە
مشتەی دۆمیان بە (...)یە
دەکەن لۆمەی کاك عەلیە
حیزیە خۆیان لە بیر نیە
**

لەم کۆپلە شیعرەی خوارێشدا،عەلی لەسەر ئەوەی رقی لە پیرەژنانە،چونکە بە قسەو قسەڵۆکن و فیتنەییان دەکەن و دەبنە هۆی ئاژاوان و خەڵکی تێك بەردەدەن.هەر بۆ بەڵگەی خراپیە فیتنەییەش باسی مەموزینی دەکات، کە دەڵێ :

پیرەژنەی کوێری بێ ددان
مایە فیتنەی ئاخیر زەمان
دەبیانگرن هەردوو کونان
یەك بە (.....)یەك بە (.....)
مایە فیتنەیە خزمینە
مەمیش هەبێ خاتو زینە